# کۆیلە سپیەکان

# لە مەزادخانەکانی ئیسرائیلدا

راپۆرتی: رافی بیرج ـ قودس
وەرگێڕانی: ئاراس جەمال

مارینا کۆچبەرێکی نایاسایییە، ماڵەکەی لە باکوری ئیسرائیلەو لە دوو ژوور پێکهاتووە. مارینا ناتوانێ لە خانووەکەی بچێتە دەرەوە، لە ترسی حکومەتی ئسرائیلی لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە لە ترسی مافیاکان، نەبادا وەك لەشفرۆش بەکاریبهێننو بیفرۆشن، بازرگانانی کۆیلە سپیەکان مارینای بەرەگەز ئۆکرانیان بەوە هەڵخەڵەتاندووە، کە دەتوانێ لە ئیسرائیل پارەیەکی باش کۆبکاتەوە.

لە ناوەراستی نەوەدەکان و لەهەزارەی نوێوە قاچاخی کردن بە کۆیلە سپیەکان لە ترۆپك بووە، کە نزیکەی سێ هەزار ژن گەیندراونەتە ئیسرائیلو بەڵینی ئەوەیان پێدراوە کە ژیانیان لە خۆشیدا دەبێو کاریان دەست دەکەوێت.

مارینا کە لە ساڵی ١٩٩٩ رووی کردۆتە ئیسرائیل، ئەو کاتە تەمەنی ٣٢ دووساڵ بووەو دەڵێ:"لە ئۆکرانیا لە ژیانێکی سەختدابووم" دوای ئەوەی لەیەکێ لە رۆژنامەکان ئاگاداریەکی خوێندۆتەوەو کە دەتوانێ درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە رووی لە ئیسرائیل کردووە، مارینا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:"لە ئەشلیکۆن بردمیان بۆ باڵەخانەیەك ، لەوێ چەند ژنێك پیان گووتم تازە بوویتە لەشفرۆش، بۆیە جۆرێك لەهستریا گرتمی، کەسێك هاتە پێشو خراپ لێیدام، هەندێ کەسیش بەنۆرە لاقەیان کردم، ئەو جارە بۆ شوێنێکی تریان بردمو فرۆشتمیان، بەڵێ فرۆشتمیان، بۆ ماوەی یەك مانگ فرێدرامە خانووێکی بێ پەنجەرە، لەوێ ئاوی تواڵێتم دەخواردەوە، بە زەحمەت نانم دەست دەکەوت" بەشێك لە مەینیەتەکانی مارینا بەوە کۆتایی هات، کە توانی رابکات، بەڵام تا ئێستا بە ئازاری برینەکانی، جەستەو دەروونیو عەقڵی دەناڵێنێ.

لە ساڵی رابردوو نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتی ئیسرائیلی خستە ناو لیستی ئەو وڵاتانە کە بازرگانانی کۆیلەی سپیەکان رووی تێدەکەن، هەروەها ئیسرائیل ناوی لە لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە، کە بازرگانی بە مرۆڤ دەکات، لە راپۆرتی ئەمساڵەی وەزراەتی ئەمریکا هاتووە، کە ئیسرائیل هەوڵی زۆریداوە ئەو دیاردەیە نەهێڵێ کەچی سەرکەوتوو نەبووە، هاوشێوەی مارینا هەندێ ژن بەشێوەیەکی قاچاخ دەچنە ئیسرائیل، بەدوەکانیش لە سنووری میسرەوە ژنان بە قاچاخ دەگەینە ناوخاکی ئیسرائیل، لە هەموو حاڵەکاتەکان قاچاخچیەکان پاسپۆرت لە ژنەکان وەردەگرنو، پێش ئەوەی بە دەڵاڵەکانیان بفرۆشن، هەندێ جاریش ژنەکان بەزیادکردنی ئاشکرا (مزاد)دەفرۆشرێن کە نرخەکانیان لەنێوان هەشت هەزار تا دەهەزار دۆلار دەبێت.

لە ئیسرائیل رێگا بە لەشفرۆشی دراوە، بەڵام دەڵاڵیو شوێنی لەشفرۆشتن رێگای پێنادرێ، لەگەڵ ئەوەشدا یاسا بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشێل دەکرێ و ئەو شوێنانەی کە لەشفرۆشی تێدادەکرێت زۆر بەکەمی دادەخرێن.

بۆ نموونە: لەکەناری(نفیه شانان) لە تەل ئەبیب کە





(٥)خولەك لەسەنتەری شارەوە دووره چەندین هوتێلی پێنج ئەستێرەیی لێیه، لەتەنیشت جادەکان بنکەکانی (ساونا)و لەشفرۆشی هەیه، یەکێك لەو شوێنانه لەنزیك بنکەی پۆلیس، پەنجەره ئاسنینەکان بەسەر ئەو شوێنانه دەروانن‌و پاسەوانی شوێنەکانیش به چەکەوە وەستاون، دەرگاکانیش تەنها بۆ ئەوانه دەکرێنەوە وەك کریار بۆ ڕابواردن سەردانی ئەوێ دەکەن، ژوورەکانی ئەوێ گڵۆپەکانیان کزەو لەشفرۆشەکانیش بەبێدەنگی له چاوەڕوانی موشتەریەکانیانن، ئەو ژنانه ڕۆژانه (١٨)کاتژمێر له چاوەڕوانی کریاردان.

له ئەنجامی نەبوونی یاسایەك که بەرگری له بازرگانی کردن به کۆیله سپیەکان بکات، بۆیه ئەو بازرگانانه قازانجی زۆر دەکەن، که بەبێ ترس پارەیان دەست دەکەوێ، زۆرجار قازانجیان زیاتره له قازانجی بازرگانیکردن به مادده بێهۆشکەرەکان‌و قاچاخیکردن به چەك.

(نۆمێ لیفنکرۆن) لەڕێکخراوی کرێکاره کۆچبەرەکانه، که ڕێکخراوێکی ناحکومییەو هاوکاری ئەو ژنانه دەکات‌و گرنگیان پێدەدات که بەقاچاخ دەگەنه ئیسرائیل و دەڵێ: "حکومەت بۆ ماوەی دوو ساڵ بێدەنگ بوو، چونکه یەکەم جار له ساڵی ١٩٩٢ ئەو دیاردەیه پەیدابووە" ئەو ڕێکخراوه گوشاری زۆر دەخاته سەر حکومەت که ئەو گرفته چارەسەر بکات، لینفکرۆن دەڵێ:"جار جاره قاچاخچیەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، کەچی قوربانییەکان دەگیرێن‌و ناچار دەکرێن که شاهادییان بۆ بدەن و تا قاچاخچیەکان ئازاد بکرێت" ئەو ڕێکخراوه ئاماژه بەوە دەدات که بازرگانی کردن بەمەبەستی سێکسی له ساڵی ٢٠٠٠ ەوە حەرام (قەدەغە)کراوه، کەچی سزاکان زۆر سوکن زۆر بەکەمی جێبەجێ دەکرێن. ئیسرائیل هیچ هەنگاوێکه نەناوه بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیه، تا ئەوکاتەی لەلایەن ئەمریکاوە ڕەخنەی توندی لێگیراوەو هەڕەشەی ئەوەی لێکرا که تووشی سزا دەبێتەوە، بۆیه ئێستا سزاکانی توند کردووە، هەروەها سزای زیندانی دەسەپێنێته سەر ئەوانەی که بازرگانی بەکۆیله سپیەکان دەکەن، لەهەمان کاتیشدا چەندین ڕێوشوێنی ئەمنی لەسەر سنوورەکان گرتۆته بەر، چالاکوانانی ڕێکخراوەکان ئەوە دەردەخەن که دوای ساڵی ٢٠٠٤ ڕەوشی ئەو ژنانه باشتر بووە، که بەنیازی لەشفرۆشی ڕوویان کرۆدته ئیسرائیل، چونکه حکومەت داڵدەی داون‌و جێگای بۆ کردونەتەوە، بۆیه لەشفرۆشەکان ئەوەیان بەحکومەت ڕاگەیاندووە که ئەوان قوربانین نەك هاوبەشن له تاوانەکان. له شوێنی حەوانەوە نزیکەی (٣٠) سی ژنی لەشفرۆش هەیه که زۆربەیان خەڵکی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوون‌و پێنجیشیان خەڵکی چینن. دکتۆره(ڕینات داڤید ڕونیش) لەبەڕێوەبەری بنکەی (ماجان) دەڵێت:" ئەو ژنانه که بۆ ئێمه دێن، زۆربەیان نەخۆشی سێکسیان هەیه، هەندێکشیان تووشی هەوکردنی جگەرو سییەکان و سیل بوونەو هەندێکشیان زۆر ماندوون بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەریان هاتووە" لەبەرامبەریشدا پۆلیس دەڵێت:" ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەته بەر بۆته هۆی کەم بوونەوەی ئەو ژنانه که دەهێرێنه ئیسرائیل، ئێستا وای لێهاتووە ساڵانه چەند سەد ژنێك دەگەنه ئیسرائیل که پێشتر بەهەزاران دەهێنران‌و بەڵام ئێستا ژیانیان لەچاو جاران باشتر بووە کۆیله سپیەکان"

ڕانی کاسبی سەرۆکی پۆلیسی لەناوبردنی بازرگانیکردن به مرۆڤ دەڵێت:"لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوە، چونکه پێشتر ژنەکان لاقه دەکران‌و لەبەرامبەردا هیچیان پێنەدەبرا، بەڵام ئێستا بەرامبەر بەو پارەیان دەدەرێتی‌و بارودۆخی کارکردنیان باشترەو مامەڵەی مرۆڤانەیان لەگەڵ





دەکرێ." چالاکوانەکانی مافی مرۆڤ ئەوە دەردەخەن که توندکردنی بارووۆدخەکه لەڕووی ئەمنیەوە، کاردانەوەی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە، چونکه دەڵاڵەکان له جیاتی ئەوەی به ئاشکرا له شوێنی له شفرۆشی کاربکەن، حەزیان لەکاری نهێنیەو زۆر بەزەحمەت چالاکیەکانیان دەست نیشان دەکرێت.هەروەها چالاکوانەکانی ئەم بواره ئەوەش دەردەخەن‌و دەڵێن:" حکومەت ئەوە دەردەخا که هەوڵەکانی بۆته هۆی کەمکردنەوەی قوربانیەکانی لەشفرۆشی له وڵاتدا، بەڵام ڕێکخراوەکان ئەوە پیشاندەدەن که حکومەت ڕاستیەکان دەشارێتەوە" ڕەنگه ئیسرائیل له بواری دژایەتیکردنی بازرگانیکردن بەمرۆڤ بەرەو پێشەوە چووبێت. بەڵام هێشتا زۆری ماوه که بتوانێ سەرکەوتنی تەواو بەدەست بێنێ.

سەرچاوە: بی بی سی